# ئەگەر ڕووبارێک لە پێش دەرگای یەکێک لە ئێوە بێت، وڕۆژانە پێنج جار خۆی تێدا بشوات، ئایا هیچ پیسیەک لەسەر لاشەی دەمێنێت

لە ئەبی هوڕەیڕەوە -ڕەزای خوای لێبێت- دەڵێت: گوێم لە پێغەمبەری خودا -صلى الله عليه وسلم- بوو کە دەیفەرموو: «ئەگەر ڕووبارێک لە پێش دەرگای یەکێک لە ئێوە بێت، وڕۆژانە پێنج جار خۆی تێدا بشوات، ئایا هیچ پیسیەک لەسەر لاشەی دەمێنێت؟». ووتیان: هیچ پیسیەک لەسەر لاشەی نامێنێت؟ فەرمووی: «ئەوە نمونەی پێنج نوێژەکەیە ؛ کە بە هۆیانەوە خوای گەورە لە تاوانەکان خۆش دەبێت».

[سەحیح - ڕاست)] [(البخاري ومسلم) هاوڕان لەسەری)]

پێغەمبەر -صلى الله عليه وسلم- پێنج نوێژە فەرزەکەی لە هەموو ڕۆژ وشەوێکدا لەڕوانگەی سڕینەوەیان بۆ گوناهەکان چواندووە بە ڕووبارێك لە پێش دەرگای ماڵی هەرکەسێک، وڕۆژی پێنج جار خۆی تێدا بشوات، بۆیە هیچ پیسیەک لەسەر لاشەی نامێنێت.

http://sunnah.global/hadeeth/ku/show/4968